www.kurdistannet.org
13-2-2006 11:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەمریکای ئەمڕۆ؛ لەئەزمون و قەیراندا ... شەیدا بلّباس

دراوی دۆلار
زمانی ئینگلیزی
ئایینی کریستیان
بانگی ئازادی و دیموکراسی
بنکەی نەتەوەیەکگرتووەکان و مافی مرۆڤ
چەکی ئەتۆم و تەکنەلۆژی نوێ
تێکەڵی شارستانی ڕۆژ [ هەلات و ئاوا ]
هونەر و وێژەو سینەمای هۆڵیوود
فەلسەفەی جوولەکە
کۆمەڵگای مەدەنی و مۆدێرن



ئەمانەچەند ستوونێکن بۆ بەرز ڕاگرتن و دروستبوونی ناسنامەی کەسایەتی ئەمریکی ئەمڕۆ٠
کۆمەڵگای ئەمریکا، لەئۆقیانوسی ئەتڵەنتیەوەتا دەگاتەئۆقیانوسی ئارام، زیاتر لەسێ سەد ملیۆن خەڵک، لەسەرزەمینێک پێکەوەگرێدەداو ژیانی هاوبەشیان بەیەکتر دەبەستێتەوە٠٠ لەکۆی سەرجەم ٥٢ هەرێمی سەربەخۆدا، لەژێر باڵی فیدرالیەتێکی یەکگرتوو، کەڵتوور و هاوبەشی بەرژەوەندی و بەرزی ناسنامەو پتەوی کەسایەتی، لەسەر بنیات نراوە٠
ئەمریکای ئەمڕۆ٠٠ تاکەهێز و سوپەر پاوەری جیهان، خاوەن بڕیار و چارەنووسسازەلەهەر گۆڕانکاریەکی ڕامیاری و جیۆگرافی و ئابووری، لەسەرجەمی زۆربەی وولاتانی ئەم سەردەمە٠ ئەگەر بەچاوێکی داگیرکەرانەش بیخەینەژێر چاویلکەی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کەئەمریکای ئەمڕۆ بەئەزموونێکی نوێ و پتەو، ووشکایی و ئاوو ئاسمانی لێت تەنیوە، نەک وەک داگیرکەرانی بەریتانی و فەرەنسی بەر لەسەدەێک، کەتەنها دەست ڕۆیشتووی سەر زەمین بوون!
دروستەگەر بڵێین ئەمریکا خاوەن سیاسەتێکی دیاریکراو نییە، لەجێی بەرێوبەرایەتی ٠٠ یا تاسەر دۆستی هەمیشەیی هیچ لایەنێک ناکات، بەس بەرژەوەندی٠٠ دوورەلەهەمەجۆرەقەیرانێکی ناوەخۆیی و هەمیشەلەجەنگی چاکسازی قەیرانەدەرەکیەکانیدا بەردەوام کێشەی هەیە٠ هەر بۆیەلێرەدا باشتر وایە، ئەم خاڵەبخەینەبەر نەشتەری ڕۆشنایی، کەبەرژەوەندی دۆلاری ئەمریکی، بەتەنها لەخزمەتی بەرژەوەندی و بەقازانجی خەڵکی ئەمریکا نییەو بەس؛ بەڵکو هاوبەند و گرێدراوەبەقازانجی بەرژەوەندی زۆربەی زۆری دەوڵەمەند و سەرمایەداری جیهان٠٠ وەهەر لایەنێک تەگەرەبخاتەبەر یا مەترسی بێنێتەسەر ئەم بەرژەوەندییە، واتەهەڕەشەی کۆی سەرمایەی گرێدراو٠٠ ئەمانیش بەهەموو ئامادەکارێک بۆ قەیرانی بەرزبوونەوە، دەکەونەبەرەنگاری و بەرپەرچدانەوەی بۆ بەرگری لەبەرژەوەندی گشتییان٠

ئەمریکا تائێستا لەهیچ شەڕێکدا نەڕوخاوە؛ بەڵکو دۆڕاوە! چونکەهیچ شەڕێک لەناو خاکی خۆیدا نەبووە٠٠ لەدوای شەڕی ناوەخۆیی، یا سەرفرازی کەئەو کیانەبەهێزەی بۆ ئەمریکا پێکهێنا؛٠٠ دراوی دۆلار یەکەی ئالوگۆڕی بازرگانی و دەوڵەمەندی زمانی ئینگلیزی بەپەیوەندی پەیڤینی کۆمەڵگا و ئاییینی ئاشتی کریستیانەتیش چەشنی باوەری ڕوحی و لەم لاشەوەبانگی ئازادی و دیموکراسی و چەکی ئەتۆم بۆ بەرگری لەخۆکردن٠٠ هونەر و وێژەتا ئەو پەڕی لوتکەی بەرزی و مافی مرۆڤیش تا سنووری داکۆکی و بنکەی نەتەوەیەکگرتووەکان زێتر جێگر دەبێ لەووڵاتێکی فرەنەتەوەو کۆچ هێنەریدا، کەیاسا لەسەرووی هەموو شتێکدا خاوەن گووتار و بڕیار بێت٠ ژیان دووبارەدەکەوێتەتێکۆشانێکی بێووچان لەپێناو بوژانەوەو پەرەپێدانی کۆ مەڵگای مۆدیرنەتی، کەتاک خەونەکانی ژیانێکی بەختەوەری تێدا بڕوێنێت٠ کاتێک هەموو تاکێک لەکۆمەڵگا دەرفەتی کارکردنی هەچ بوارێکی پێشکەوتن و وەدەسهێنانی بیری نوێخوازی و بلیمەت و داهێنانی بۆ بڕەخسێت٠ تەنها پێشگری لەبڵاوبوونەوەی ڤایرۆسێک، کەکاربکاتەسەرمەترسیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، دەکات٠

جا کەشەڕ لەناو ماڵتدا نەبێ، لەئەگەری ماڵوێرانی و ڕوخانیش بەدوورە٠٠ شەڕی دەرەوەی خاک، وەک ئەوەیەبڵێی" دەستی خۆم نییەو ماری پێدەگرم "، چونکەجەنگ شارستانیەت لەناو دەبا، تادروستکەری بێت٠٠ ئابووریش کەشاخوێنهێنەری لەشی نەتەوەیە، دایدەڕمێنێت٠ هەر یەکێک لەدوو جەنگەکوشندەکەی جیهانیش، گەر وەکو خاک ئەمریکای بگرتایەوە؛ بەدڵنیایی ئەو ئەمریکایەی ئێستا نەدەبوو! بەپێچەوانەوە، کوردستان هەمیشەگۆڕەپانی ڕەمبازی جەنگەوێرانکاریەکانی ئیقلیمی بووە٠

ئەمریکا ووڵاتێکی نوێ و زلهێز و یەکجومگەیی، خاوەن ئەزموونێکی بەتوانا و پتەوە٠٠ لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشەقەیرانی دەرەکی هەبووەو هەیە٠ لەووڵاتێکی سێ سەد ملیۆنە، کەس نییەبێ پەناگەو کار و دەرامەت بێت؛ مرۆڤیش کەدەبێتەخاوەن ئەم سێ شتە، لەپلەی یەکەمی سێگۆشەهەرەمیەکەدەردەچێت، کەپێیدەڵێن " پێویستیەسەرەکیەکان "٠ لەهەمان کاتیشدا، ساڵیانەزیاتر لەشەست هەزار کەس بەدەمانچەلەکۆڵان و شەقامەتەنگەبەرەکانی شارەگەورەکاندا، دەکوژرێن٠ لەئازادی بەدەری سێکس ڕابواردن، کەچی هەر ساڵەی زێتر لەسەد هەزار کچۆڵەی منالکار، بەشێوەیێکی نایاسایی ئاودیوی ناو ئەمریکا دەکرێن و کۆیلەئاسا بێبەش لەهەر مافێکی مرۆڤایەتی، لەچەشنی کالا رەفتار و سوکایەتیان پێدەکرێت٠

سەرەڕای پلەی ڕۆشنبیری و بەرزی دارایی دەرامەتی تاک، بەسەدان مرۆڤ شەوانەلەناو میترۆکاندا دەخەون و ژیان بەسەر دەبەن٠ بەڵام کۆی سەرجەم ئەو هەموو تاوانەش، هێشتا خۆی لە١٪ی کۆمەڵگاکەنادا، تا وەک کێشەو گرفت ڕاڤەبکرێت٠

لەبازاری شاردا کەلوپەلی تەواوی ووڵاتانی جیهان بۆ کڕین و فرشتن بەرچاوە، سەرەڕای هەستیاری و بیری ناسیونالی، تاکی ئەمریکی ناچێت پێویستیەکی خراپ یا گران خۆماڵی بکڕێت، تەنها بۆ لەبرەونەکەوتنی بازاڕی نیشتیمانی! بەڵکو کەلوپەلی ووڵاتانی ئاسیای دوور، بەتایبەتی چین و ژاپۆن کەبازاڕیان داگیرکردووەو لەجوولەو هاژەی کڕیار ناکەوێت٠ بۆیەئەمریکا بەئاشکرا داوای لەچین کرد کەنرخی کالاکانیان بەرزبکەنەوەکەهەر لەقازانجی بازنەی ئابووری خۆیاندا دەسورێتەوە٠٠ چینی نەهەنگی خەوتوو دوای چەند ساڵێکی G٨ بەدووری مەزانەکەبازار نەچێتەگیرفانی٠

ئەمریکای ئەو دیو دونیا، خاکێکی بەپیت و دەوڵەمەند بەزۆربەی کانزاسەرەکیەکان٠٠ خەڵکی پسپۆڕ و زانا و لێهاتووش کاری لەسەر دەکات٠ ئاو و هەوای شێداری، نەباکوری

هێندەسارد و نەباشوری گەرمی بەتێن·· کام شێخ و مەلای کەخەڵک هاندەرن بۆ ترۆر و خۆتەقینەوە؛ بەهیوای ئەو بەهەشتەن کەڕۆژێک بگەنەئەمریکاو لەژێر سێبەری ئەم مافەسەربەستیەدابژین·

ئایا چی وای لەو سەرزەمینەکردووە، لەڕەهەندی ماوەیێکی کورتی زەماندا، بەم هەموو دەستکەوت و ئامانجەگرنگەبگات؟! هاووڵاتێکی ئەمریکی بەختەوەرەبەژیان و شانازیش بەناسنامەی بکات·· ئالێرەدا کەسایەتی خۆی لەتەواو بوون دەبینێتەوە، کەلەیاساو دەستووردا مافەکانی پارێزراوەو سنووری ئەرک و ماف ڕەچاو دەکات· چونکەدەزانێ گرێدراوی کۆی سەرجەم، خزمەت بەژیان و ئاسودەیی دەکەن و لەپێناو مانەوەو پەرەپێدان و بەرەو پێشەوەبردنی ووڵات لەئەستۆی خۆی دەزانێت· ئامادەیەبەهەموو جۆرێکی توانا و ووزەو کات لەئاست ووڵات و پارێزگاری لێکردنی ناوەکی و دەرەکی، بەقوربان بدات·· بەرگری لەمانەوەی ئەو کیانەبەرزەبکا، کەمافەکانی تێدا پارێزراوەو خاوەندارێتی لەکەسایەتی ئەوی تاک لەناو کۆمەڵ دەکات·

شار نییەلەئەمریکا مزگەوتی موسڵمان و کنیسەی کریستیان و کنێشەی جوولەکەو پەرستگای بودایی و سیغ و زەردەشتی لێنەکرابێتەوە· دەووڵاتێکی ئیسلامم بۆ دەرمانیش بێت بێنەبەرچاو، کەئەم هەموو پەرستگایەرێگای خواپەرستی پێدرابێت! وەلەهیچ دادگایێک لەپشت دادوەر نەنوسراوە، ئەگەر زلەیێکیان لەڕووی ڕاستتدا، ڕووی چەپیشیان بۆ وەچەرخێنە· پیویست بەو تەرازووەش ناکا، گەر داد فەرمانڕەوابێت·